# سیاسەت

**ئەمیر قادر**
hangau@gmail.com



**زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا..**
**کوڕیژگە 12 ساڵانەکەم پەیڤی،**
**لەگەڵ کێ قسەئەکەم؟**
**دەنگێکی فێڵاوی  ووتی،**
**من سیاسەتم باوکتم ئەوێ ؟**
**ببورە کاک سیاسەت**
**باوکم هێشتا لەگەڵ مەستی**
**پێکەکانی شەو،**
**تەژی لە ماچ و ئارامی خەوتووە...!**
**خۆت ئەزانی،عاشقێکی ئارام و خەوتوو**
**هیچ خوایەک نابێت ..**
**بێداری بکاتەوە،**
**ببوورە دوای بڕانی شەراب و**
**قەیرانی عەشق**
**جارێکی تر زەنگ لێبدەوە،**
**بەڵام هەندێک بەئەدەبەوە،،،**
**سڵاوێک بکە،خۆت بناسێنە،**
**دواتر بە پرسیار دەست پێبکە!؟**

***

زەنگی دەرگاکە ڵێیدا..
لەگەڵ منداڵەکاندا چاوشارکێم دەکرد
کیژۆڵەکەم لەکەلێنی دەرگاوە
سەیریکرد..
باوکە سیاسەت هاتووە
خۆت مەڵاسدە...
فەرموو قوربان؟
جەنابت کێیت و چیت دەوێت ؟
من سیاسەتم هاتووم

سەربازمان پێویستە!
ببوورە بە ڕێز دوێنێ شەو
لایەنەکەی تر هاتن و
بردیان،،
خۆت دەزانیت چەند ئازاش بیت
هەربۆلایەک شەڕ ئەکرێت...
جارێکی تر سەربدەوە،
کەیاریەکە تەواوبوو....
بەڵام جوانترە پێشتر
نامەیەک بنێریت،
زەنگێک لێبدەیت؟
ئێوە کەی فێردەبن
لەناوەختا دەرگاگرتن بەخەڵک
لەناوەختا وازی تێکدان،
لەناوەختا. . . .
یان ناتانەوێت فێرببن !

❊❊❊

**لەگەڵ مەحبوبەدا**
**دوای خەوتنی منداڵەکان**
**پێکمان هەڵدەدا،**
**مۆسیقایەکەی ئارام و**
**سێ مۆمی سەماکەر لەسەر مێزەکەمان**
**بایان دەدا و**
**بەتامترین ماچیان بەسەر ئارامیدا**
**دەبەخشیەوە....**
**لەژێر پزوی پەردەکانەوە**
**مەحبوبەکەم،**
**فەساڵی سیاسەتی بینی....**
**خۆی لێگرتبووین،**
**پەردەکەی لاداو بەکوتەکەوە**
**کەوتە دوای**

بەم سەرە ماش و برنجیەوە
وازی لێ بێنن....
ئەو تەنها بۆمن و بۆشیعرو
بۆچاوشارکێی منداڵەکان
بەکەڵک دێت،
ئەوێک پەیڤی هێندەی منداڵەکان سادە
دڵی هێندەی قومریلەکان ناسک
بۆم بازرگانی و
درۆئاوایە ناشێت،
کاتی خۆتان بەئەوەوە خەسار مەکەن
منداڵ کەنگێ
بۆ ئەم بازرگانیەی ئێوە
بۆ ئەم تەڵەکە بازیە ئەبێت؟!...

***